# ناساندنی ڕێوشوێنە تایبەتەکان

مانگی یەکی ٢٠٢٤

NORTHUMBRIA POLICE & CRIME COMMISSIONER

NORTHUMBRIA POLICE

CPS

لەوانەیە بۆ ڕاپۆرت کردن، یان بیرکردنەوە لە ڕاپۆرت کردنی دەستدرێژی یان هێرشی سێکسی بۆ پۆلیس مرۆڤ هەست بە ترسناکییەکی
زۆر بکات. ئێمە هەروەها تێدەگەین کە بیرۆکەی ڕۆیشتنی کەیسێک بۆ دادگا و چونکە پێویستە باسی بەسەرهاتەکانتان بکەن لە دادگا، دەتوانێت
ترسناک و زەبربەخش دەربکەوێت بۆتان. ناوی ئەم جۆرە ئامادە بوونە لە دادگا بە پێشکەش کردنی بەڵگە دەناسرێت.

پشتگیری زیاتر لەبەردەستدایە کە دەتوانرێت داوای بکرێت بۆ ئەوەی یارمەتیتان بدات هەست بە ئاسوودەیی زیاتر بکەن و هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی ترس یان نارەحەتییەکانتان کەم بکەنەوە لەم پرۆسەیەدا. ئەم جۆرە داواکارییانە بە 'ڕێوشوێنی تایبەت' دەناسرێن. ڕێوشوێنگەلێک کە دەتوانن یارمەتیتان بدەن لە کاتی پێشکەش کردنی بەڵگە. ئەگەر ناتانەوێ، ئەوا پێویست ناکات ڕێوشوێنی تایبەت بەکار بهێنن. بەڵام ئەم ڕێنماییە یارمەتیتان دەدات بۆ گەڕان لەو بژاردانەی کە لەبەردەستدان و تێگەیشتن لە پرۆسەی چۆنیەتی داوا کردنی ڕێوشوێنی تایبەت.

## **کێ مافی بەکار هێنانی ڕێوشوێنی تایبەتی هەیە؟**

شایەتحاڵە  بارناسکەکان دەتوانن داوای ڕێوشوێنی تایبەت بکەن:

- شایەتحاڵێکی زووکۆڵەوار بوو (بەرمەترسی کەوتوو) بریتییە لە – کەسانی خوار تەمەنی ١٨ ساڵ؛ ئەو کەسانەی کە کەمئەندامی جەستەیی یان دەروونی یان حاڵەتێکیان هەیە کە کاریگەری لەسەر توانای ئەوان هەبێت بۆ ئەوەی بەڵگەی خۆیان بە باشترین شێوە لە دادگادا پێشکەش بکەن

- شایەتحاڵێکی تۆقێنراو (هەراسان کراو) بریتییە لە – ئەو کەسانەی کە هەندێک جۆری تاوان لە دژیان ئەنجام دراوە، لەوانە: دەستدرێژی و پەلاماری سێکسی، کۆیلایەتی مۆدێرن و تاوانگەلێک کە لا ناویاندا چەک بەکار هاتووە. شایەتحاڵە هەراسان کراوەکان ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کەوا ترساون یانیش نیگەرانن لەوەی کە بەڵگە پێشکەش بکەن.

بۆیە ئەگەر تووشی پەلاماری سێکسی بوون دەتوانن داوای ڕێوشوێنی تایبەت بکەن.



## دەتوانم داوای چ جۆر ڕێوشوێنگەلێکی تایبەت بکەم؟

### شاشە داپۆشەرەکان

دەتواندرێت شاشە یان تەبەقگەلێکی داپۆشەر لە دەرەوەی دەرگای چوونە ژوورەوەی ژووری دادگا و شوێنی قسەکردنی شایەتحاڵەکان دابنرێت. شاشە داپۆشەرەکان وەکوو دیوارێک جیات دەکەنەوە لە بینینی تۆمەتبار و هەر کەسێک لە شوێنی دانشتنی گشتیدا، بۆیە ئەوان ناتوانن بتانبینن و ئێوەش ناتوانن ئەوان ببینیت. هەرچەندە کەسانی دیکە وەکوو دادوەر، دەستەی سوێندخۆران، پارێزەرەکان، پارێزەرانی ڕاوێژکار و کارمەندانی دادگا دەتوانن بتانبینن.

### پێشکەشکردنی بەڵگە بە شێوەی تایبەت

دەتوانن داوای ئەوە بکەن کە ئەو کەسانەی کە پێویست نییە لە ژووری دادگا بن، بکرێنە دەرەوە. ئەمە بەم واتایە کەوا خەڵکی ئاسایی مافی هاتنە ژوورەوەیان بۆ ناو ژووری دادگا نابێت. ئەم جۆرە داواکارییە بەزۆری تەنها بۆ دۆسیە ناوازە و زۆر هەستیارەکان پەسەند دەکرێت.

### لابردنی مووچاخ (فێس) و عەبا

دادوەرەکان و پارێزەرانی ڕاوێژکار کاتێک ئێوە بەڵگەکانی خۆتان پێشکەش دەکەن، مووچاخ (فێس-باڕۆکە) و جل وبەرگە تایبەتەکانیان دەردێنن. ئەم کارە تەنیا لە کاتێک ئەنجام دەدرێت کە کەسانی بەرمەترسی کەوتوو وەکوو شایەتحاڵ ئامادە دەبن.

### ناوبژیوانان

ئەگەر ئێوە وەک شایەتحاڵێکی بەرمەترسی کەوتوو دەستنیشان کرابن، ئەگەر پێویستیتان بە یارمەتی هەبێت، ناوبژیوانێک دەتوانێت پشتگیریتان بکات بۆ ئەوەی بە تەواوی لەو پرسیارانەی لێتان دەکرێت تێبگەن و وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە کە لێتان دەکرێت.

### یارمەتیدەرەکانی پەیوەندیکردن

-

ئەگەر ئێوە وەک شایەتحاڵێکی بەرمەترسی کەوتوو دەستنیشان کرابن، بە مەبەستی تێگەیشتن و وڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی لێتان دەکرێت، دەتواندرێت کەرەستەکانی یارمەتیدەر بۆ پەیوەندی گرتن وەکوو تەختەی هێما یانیش وێنەکێشان دابین بکرێن.

## دەتوانم داوای چ ڕێوشوێنێکی تایبەت بکەم؟

**بەستەری ڕاستەخۆ**

ئەم ڕێوشوێنە واتە دەتوانن لە ڕێگەی بەستەرێکی (لینکێکی) بینراوی ڕاستەوخۆ و لە ژوورێکی تایبەتەوە بەڵگەکانتان پێشکەش بکەن. ئەمەش دەتوانێت لە ژوورێکەوە بێت لەناو بینای دادگاکە یان لە شوێنێکی ترەوە (ژووری بەڵگە پێشکەش کردن لە ڕێی دوور). ئێوە دەتوانن هەر کەسێک کە پرسیارتان لێ دەکات، لەوانە دادوەر یا پارێزەری ڕاوێژکار ببینن. ئێوە ناتوانن کەسی تۆمەتبار ببینن بەڵام هەموو کەسێک لە ناو ژووری دادگاکە دەتوانن ئێوە لە سەر شاشەیەک ببینن. ژمارەیەکی کەم لە دادگاکان تەکنەلۆژیایان هەیە بۆ ڕێوشوێنگەلێکی دووانەیی تایبەت کە ڕێگری دەکات لە کەسی تۆمەتبار کە ئێوە لە شاشەکە ببینێت. ئەگەر ناتانەوێت کە کەسی تۆمەتبار ئێوە لە کاتی پێشکەش کردنی بەڵگەکانتان ببینێت، ئەوا دەتوانن داوا بکەن کە لە دادگا بەڵگەکانتان پێشکەش بکەن و داوای شاشەی داپۆشەر بکەن (بۆ ئەم مەبەستە چاو لە بەشی "داپۆشەرەکان" بکەن). تکایە لە ئەفسەری پۆلیسی بەرپرسی دۆسیەکەتان پرسیار بکەن کە ئایا دەتوانن داوای دابینکردنی ڕێوشوێنگەلێکی دووانەیی بکەن و لەو هەرێمەی کە لێ دەژین بۆتان دابین بکرێت.

**پرسیار و وڵامی تۆمارکراوی پێشوەخت (هەروەها بە دانیشتنی دادگایی یاسای ژمارە ٢٨ ناسراوە)**

ئەم ڕێوشوێنە تەنها بۆ کەسانی خوار ١٨ ساڵ، خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان (دەروونی یان جەستەیی)، قوربانی-رزگاربووانی کەیسەکانی تاوانی سێکسی یان لە کەیسەکانی کۆیلایەتی مۆدێرن لە دادگای سزادان دابین دەکرێت. ئەم بژاردەیە لە دادگای تاوانەکان دابین ناکرێت. ئێوە دەتوانن داوا بکەن کەوا ئەو پرسیارانەی کە لێتان دەکرێت و وەڵامەکانی ئێوە لە دانشتنێکی دادگایی دیکە و پێش دادگایی سەرەکی پێشوەختە تۆمار بکرێت. پاشان ئەم تۆمارە لە کاتێکی دیاریکرادوا لە دادگا لە لایەن دەستەی سوێندخۆرانەوە گوێی لێ دەگیردرێت و هەر لەم کاتەدا بڕیار لەسەر دۆسیەکە یەکلایی دەبێتەوە. لە کاتی بەڕێوەچوونی ئەمجۆرە دادگاییانەدا (بەپێ یاسای ژمارە ٢٨)، دادوەر، بریکاری گشتی، کەسی تۆمەتبار و پارێزەری ڕاوێژکاری ئامادە دەبن. ئەو تۆمارەی ئێوە لە ڕێگەی بەستەرێکی ڕاستەخۆ لە ژوورێکی دیکەوە بەڵاو دەکرێتەوە.

یاسای ژمارە ٢٨ بۆ یارمەتیدانی ئەو شایەتحالانەیە کەوا بەڵگەکانیان پێشووتر لە کاتی بەڕێوەچوونی دادگایی دۆسیەکە پێشکەش دەکەن. دادگاکان بەگشتی بۆ کەسانی ژێر تەمەن ١٨ ساڵ و کەسانی کەم ئەندام بەم یاسایە کار دەکەن. هەرچەندە، ئەگەر ئێوە قوربانی یا رزگاربووی تاوانەکانی کۆیلایەتی سێکسی یان مۆدێرن بن و دۆسیەکە کاریگەری لەسەر باری تەندورستی دەروونیتان دەکات و پێتان وایە پێویستە بە زووترین کات بەڵگەکانتان پێشکەش بکەن، ئەوە دەتوانن داوای ئەم بژاردەیە بکەن.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەوەی کە چ ڕێوشوێنگەلێکی تایبەت لەوانەیە لەبەردەست بن، تکایە سەردانی ئەم بەستەرە بکەن:

https://www.cps.gov.uk/rasso-guide/support-give-your-evidence-special-measures-0

NORTHUMBRIA POLICE & CRIME COMMISSIONER
NORTHUMBRIA POLICE
CPS

## دوای ئەوەی بڕیارم داوە کام لە ڕێوشوێنە تایبەتەکان پێم وایە یارمەتیم دەدات چی ڕوودەدات؟

1) دەتوانیت لە هەر قۆناغێکی لێکۆڵینەوەکەدا لەگەڵ ئەفسەری بەرپرسی کەیسەکەت قسە بکەیت و ئاگاداریان بکەیتەوە کە پێتان وایە کام لە ڕێوشوێنە تایبەتەکان یارمەتیتان دەدات بۆ پێشکەشکردنی بەڵگە لە دادگا

2) ئەفسەری پۆلیس فۆرمێک پڕدەکاتەوە بۆ ئەوەی ئامۆژگاری پێشکەش بە دەزگای داواکاری گشتی بکات سەبارەت بەوەی کە بیرتان لە کام ڕێوشوێنگەلێکی تایبەتە و بۆچی

3) دەزگای داواکاری گشتی ئەو کەسانەن کە دواتر داوای مۆڵەت لە دادگا دەکەن بۆ بەکارهێنانی ئەو ڕێوشوێنە تایبەتە کە ئێوە داواتان کردووە و ئەمە چۆن یارمەتیتان دەدات

4) دادوەرێک بڕیار دەدات کە ئایا ئەو ڕێوشوێنە تایبەتەی کە ئێوە داواتان کردووە پەسەند دەکرێت یان نا. پۆلیس ئاگادارتان دەکاتەوە کە دادوەرەکە بڕیاری چی داوە. ئەمانە هەمووی پێش دادگاییکردنەکە ئەنجام دەدرێن.

ڕێوشوێنە تایبەتەکان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پەسەند ناکرێن – دادوەرێک پێش دادگاییکردنەکە بڕیار دەدات کە کام لەو ڕێوشوێنگەلە تایبەتانە پەسەند دەکات.

**بۆیە بەڕاستی گرنگە ئەگەر بتوانن ڕوونی بکەنەوە کە بۆچی پێتان وایە یەکێک لە ڕێوشوێنە تایبەتەکانی بەردەست لە کاتی پێشکەش کردنی بەڵگە ڕەنگە یارمەتیتان بدات. بەتایبەتی ڕوونی بکەنەوە کە چۆن ئەو ڕێوشوێنە دەتوانێت کاریگەری ئەرێنی لەسەر ئاستی تواناییتان لە کاتی بەشداریکردن هەبێت. هەروەها، لەوانەیە پرسیارتان لێ بکرێت کە بۆچی ئەو ڕێوشوێنەی کە دیاری دەکەن دەتوانێت یارمەتیتان بدات و نەک ڕێوشوێنێکی دیکە.**

ڕاوێژکاری سەربەخۆی توندوتیژی سێکسی گەورەساڵان و داکۆکیکارانی سەربەخۆی توندوتیژی خێزانی دەتوانن لەم بوارەدا یارمەتیتان بدەن.

## ڕاوێژکاری سەربەخۆی توندوتیژی سێکسی گەورەساڵان یان داکۆکیکارانی سەربەخۆی توندوتیژی خێزانی من چۆن دەتوانن لە بواری ڕێوشوێنگەلی تایبەت یارمەتیم بدەن؟

- ڕاوێژکاری سەربەخۆی توندوتیژی سێکسی یان داکۆکیکارانی سەربەخۆی توندوتیژی خێزانی دەتوانن لەگەڵ ئێوە باس لە ڕێوشوێنە تایبەتەکان بکەن و یارمەتیتان بدەن بۆ ئەوەی بزانن کە ڕەنگە چ جۆرە بژاردەیەک بەردەست بن بۆ ئێوە
- ڕاوێژکاری سەربەخۆی توندوتیژی سێکسی یان داکۆکیکارانی سەربەخۆی توندوتیژی خێزانی ئێوە دەتوانن داکۆکی لە پێداویستی و خواستەکانتان بکەن. ئەوان هەروەها دەتوانن یارمەتیتان بدەن بۆ ئەوەی ڕوونی بکەنەوە کە بۆچی هەست دەکەن سوودمەند دەبێت لە پێشکەش کردنی بەڵگە بە بەکارهێنانی ڕێوشوێنگەلێکی تایبەت

## چی ڕوودەدات ئەگەر بیرۆکەکەم بگۆڕم سەبارەت بەوەی کە پێموایە کام ڕێوشوێنی تایبەت یارمەتیدەرم دەبێت؟

هیچ کێشەیەک نییە بۆ گۆڕینی بیرۆکەی خۆتان سەبارەت بەوەی کە پێتان وایە کام ڕێوشوێن یارمەتیتان دەدات لە چۆنیەتی پێشکەش کردنی بەڵگە. لە ئەگەرێکی وەهادا، تکایە بە زووترین کات لەگەڵ ئەفسەری بەرپرسی کەیسەکەتان قسە بکەن بۆ ئەوەی پێش دادگاییکردنەکە داواکارییەکی دیکە پێشکەش بکرێت. ئەمە دەبێتە یارمەتیدەر بۆ دڵنیابوون لەوەی کە دەتوانرێت ئامادەکارییەکان لە کاتی خۆیاندا لە ئەگەری گۆڕانکاری لەو بابەتانەی کە پێشتر پەسەند کراون ئەنجام بدرێن. بە مەبەتسی گفتوگۆکردن لەسەر ئەم بابەتە لە گەڵ ئەفسەری بەرپرسی کەیسەکەتان، ڕاوێژکاری سەربەخۆی توندوتیژی سێکسی یان داکۆکیکارانی سەربەخۆی توندوتیژی خێزانییەکەتان دەتوانن پشتگیریتان بکەن.

### سەردانی پێش دادگایی

پێش دادگاییکردنێک دەتوانن بەشداری سەردانێکی ئەزموونی پێش لە دادگاییکردن بکەن. ئەمەش بۆ ئەم مەبەستەیە کەوا شوێنەکان ببینن و ئاشنا ببن لە گەڵ بینای دادگا، دامەزراوە و ئاسانکارییەکان.

لەو کاتەدا، خزمەتگوزاری شایەتحاڵەکان دەتوانن بۆ ئەوەی هۆڵی دادگا و هەندێک لەو ڕێوشوێنە تایبەتانە کە دەتوانن داوایان بکەن ڕێک بخەن کە پیشانتان بدەن. ئەمە ڕەنگە یارمەتیتان بدات کە بڕیار بدەن کە ئایا دەتانەوێت داوای ڕێوشوێنی تایبەت بکەن و گەر ویستێکی وەهاتان هەبوو، کام لەو ڕەوشوێنانەتان دەوێت.

هەروەها خزمەتگوزاری شایەتحاڵەکان ژووری شایەتحاڵەکانتان پیشان دەدەن، ئەمە ئەو شوێنەیە کە چاوەڕێی دەبن پێش ئەوەی بچنە ژوورەوە و بەڵگە پێشکەش بکەن. هەروەها، بۆ ئەوەی نیگەرانی ئەوەتان نەبێت کە لە هەمان شوێنی تۆمەتبار بۆ دادگاییکردنەکە بڕۆنە ژوورەوە، خزمەتگوزاری شایەتحاڵەکان دەتوانن چوونە ژوورەوەتان لە ڕێگەی دەروازەیەکی جیاواز و تایبەتەوە بۆ چوونە ناو بینای دادگاکە بۆ ڕێکبخەن.

ئەگەر دەتانەوێت سەردانێکی بینای دادگا پێش دادگاییکردن بکەن، تکایە لەگەڵ ڕاوێژکاری سەربەخۆی توندوتیژی سێکسی یان داکۆکیکارانی سەربەخۆی توندوتیژی خێزانییەکەتان قسە بکەن. ئەوان دەتوانن لە ڕێگەی ڕێکخراوی ''خزمەتگوزاری شایەتحاڵی ئامۆژگاری هاوڵاتیان'' ئەم سەردانەتان بۆ ڕێکبخەن.

هەندێک نموونە لەوەی کە لەوانەیە شاشە و ژووری بەستەرە ڕاستەوخۆکان چۆن بن:









NORTHUMBRIA POLICE & CRIME COMMISSIONER
NORTHUMBRIA POLICE
CPS

## نموونەکان:

بێث پەیوەندی بە پۆلیسەوە کرد بۆ ئەوەی ڕاپۆرت بدات کەوا هاوژینی پێشووی دەستدرێژی سێکسی کردووەتە سەری.

هەروەها هاوژینی پێشووی کاتێک کە هێشتا پێوەندییان بەردەوام بوو، دەستدرێژی جەستەیی دەکردە سەری و بێثی کۆنترۆڵ دەکرد. بێث بەڕاستی هەستی بە دڵەڕاوکێ دەکرد لەوەی کە دەبێت بچێتە دادگا و باسی بەسەرهاتی بکات. بێث هەروەها گومانی هەبوو لەوەی کە ئایا دەتوانێت بەو دۆخەدا تێپەڕێت و بتوانێت ئەم ڕێگایە بگرێتە بەر یان نا.

بێث ترسی ئەوەی هەبوو کە دەبێت جارێکی دیکە هاوژینی پێشووی لە نزیکەوە ببینێت؛ و تەنانەت ئەندامانی بنەماڵەی هاوژینی پێشووی کە ڕەنگە لەگەڵی بێنە دادگا چونکە ئەوانیش هەڕەشەیان لە بێث کردبوو.

بێث بۆ "ڕاوێژکاری سەربەخۆی توندوتیژی سێکسی گەورەساڵانی" خۆی ڕوونیکردەوە کە هەست بە ئاسوودەیی و سەلامەتییەکی زۆر زیاتر دەکات ئەگەر بتوانێت بەڵگەی خۆی لە دادگا بەڵام لە پشت شاشەیەکەوە پێشکەش بکات. بەم جۆرە بێث جیا دەکاتەوە لە بینینی هاوژینی پێشووی و شوێنی گشتی کە ڕەنگە بنەماڵەی هاوژینی پێشوشی لێی بن.

بێث ڕوونیکردەوە کە هەرچەندە سەختە کاتێک کە هاوژینی پێشووی و بنەماڵەکەی لەوێ دەبن. بەڵام، بەمجۆرە هەست دەکات توانای قسەکردن بە ئازادی زیاترە و هەست بە ترسی ئەوەندە ناکات کە ئەوان سەیری دەکەن. "ڕاوێژکاری سەربەخۆی توندوتیژی سێکسی گەورەساڵان" یارمەتی بێثی دا کە ئەم بابەتە بۆ ئەو ئەفسەرە پۆلیسە ڕوون بکاتەوە کەوا ئەم زانیاریانەی داوە بە دەزگای داواکاری گشتی داد.

جێنی لە شەوێکی کارکردندا لەلایەن هاوکارێکییەوە دەستدرێژی سێکسی کرابووە سەری. ئەو ئەمەی بە پۆلیس ڕاگەیاند و دوای لێکۆڵینەوەیەک، هاوکارەکەی تۆمەتبار کرا، ئەمش بەو مانایە بوو کە جێنی دەبێت لە دادگا ئامادە بێت بۆ ئەوەی بەڵگە پێشکەش بکات.

جێنی بە درێژایی ژیانی تووشی کۆمەڵێک کێشەی تەندروستی دەروونی ببوو، لەوانە خەمۆکی و دڵەڕاوکێ. بۆیە جێنی هەستی بە دڵەڕاوکێیەکی زۆر دەکرد لە چوونە دەرەوە و ئامادەبوون لە شوێنە گشتی و قەرەباڵغەکان، بە تایبەت ئەو شوێنانەی کە پێشتر نەچووبوو.

دوای ئەوەی لەگەڵ "ڕاوێژکاری سەربەخۆی توندوتیژی سێکسی بۆ گەورەساڵانی" خۆی سەبارەت بە جۆرە جیاوازەکانی ڕێوشوێنگەلیی تایبەت قسەی کرد، جێنی هەستی بەوە کرد کەوا ئەو توانایی زۆرتر دەبێت ئەگەر بەڵگەی خۆی لە ڕێی دوورەوە پێشکەش بکات، دوور لە بینای دادگاکە. جێنی ڕوونیکردەوە کە چاوەڕوان بوون بە مەبەستی پێشکەش کردنی بەڵگە لە دادگا کاریگەرییەکی زۆر نەرێنی لەسەر تەندروستی دەروونی دەبێت.

جێنی ئاماژەی بەوەشکردووە، کاتێک لە ڕابردوودا تووشی دڵەڕاوکێ دەبوو، تووشی ترس و تۆقین و دڵەڕاوکێ بووە و هەست دەکات ناتوانێت هەناسە بدات. جێنی لەوە نیگەران بو کەواو ئامادە بوون لە هەمان بینا لەگەڵ ئەو پیاوەی دەستدرێژی سێکسی کردووەتە سەری، دڵەڕاوکێی لێبکەوێتەوە. جێنی وتی هەست بە ئاسوودەیی زیاتر دەکات کە دەزانێت لەگەڵ ڕاوێژکاری سەربەخۆی توندوتیژی سێکسی بۆ گەورەساڵانی خۆی لە بینایەکی جیاواز و تایبەتدا چاوەڕوان دەبێت.

ئەفسەری بەرپرسی کەیسی جێنی ئەمەی بۆ دەزگای داواکاری گشتی داد ڕوون کردەوە و داوای لێکرد جێنی لە ڕێگەی بەستەری (لینکێکی) ڕاستەوخۆوە لە ژوورێکی بەڵگەدان لە ڕێی دوورەوە بەڵگەکانی پێشکەش بدات


NORTHUMBRIA POLICE & CRIME COMMISSIONER
NORTHUMBRIA POLICE
CPS

# ناساندنی ڕێوشوێنە تایبەتەکان

NORTHUMBRIA POLICE & CRIME COMMISSIONER

NORTHUMBRIA POLICE

CPS